


## بۆ / سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - عێراق
## بابەت/ پرۆژە یاسا

سڵاو و ڕێز...

ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ، هاوپێچمان گەڵاڵە کردووە بەناوی:

( یاسای سەروەری نیشتمانی هەرێمی کوردستان - عێراق )

تکایە بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمان.

لەگەڵ ڕێزماندا...

| ز | نـــاوی ئەنـدام | ئیمـــزا |
|---|---|---|
| ١ | گۆران ئازاد محمد | [signature] |
| ٢ | عباس فتاح | [signature] |
| ٣ | سالار محمود | [signature] |
| ٤ | سعید محسنی | [signature] |
| ٥ | ئاواز حمید حسن | [signature] |
| ٦ | حیاة مجید بەرزی | [signature] |
| ٧ | کوثر هادی خضر | [signature] |
| ٨ | بەهار درویش | [signature] |
| ٩ | عبدالرحمن علی رضا | [signature] ٢٠٠٩/١/٨ |
| ١٠ | [illegible] | [signature] |
| ١١ | صالح فقێ محمد امین | [signature] |
| ١٢ | گەشە دارا | [signature] |
| ١٣ | قادر رەزاگەڕی | [signature] |
| ١٤ | مریەم احمد | [signature] |
| ١٥ | ئاراز حنگی | [signature] |
| ١٦ | [illegible] | [signature] |

| | | |
|---|---|---|
| | شوان شێخ ئەحمەد | ١٧ |
| | د. هەوراست سعوف | ١٨ |
| | د. پەرێواز فایەق | ١٩ |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |

بەڕێز / سەرۆکایەتی پەرلەمان

ب/ کشانەوەی واژۆ

پاش سڵاو

لەبەرئەوەی لەگەڵ ئەوەدا نیم کە هەر هاوڵاتییەک و لە هەر هۆیەکدا بێت لەبەر نەوتنەوە و هەڵسەنگاندنی لەبەر دەرکردنی نیشتمانی حزبا بەڕێگا، داواکارم لە بەڕێزتان بفەرموون بە کشانەوەی واژۆکەم لە سەر پرۆژە یاسای (دەرکردنی نیشتمانی هەرێمی کوردستان)..

لەگەڵ ڕێزدا

ڕێواز فایەق

٢٠١٤/٩/٣٠

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**پەرلەمانی کوردستان- عێراق**

**ژمارەی بڕیار:**

**ڕۆژی بڕیار:**

## بڕیار

پشت بەستن بەحومکەکانی بڕگەی (١)ی مادده (٥٦)و ئەو دەسەڵاتەی بەپێی مادده (٥٣)ی یاسای ژمارە (٢)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)دا، پێماندراوەو، لەسەر داواکاردنی ژمارەی یاسایی لەئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان– عێراق لەدانیشتنی ژمارە ( ) ی خۆی لەڕۆژی ( / / ٢٠١٤) دا بڕیاریدا ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە ( ) ی ساڵی ٢٠١٤

### ماددەی یەکەم

سرودی (ئەی ڕەقیب) کە دەقی شیعرەکەی لەلایەن (یونس ڕەئووف دڵدار)ی شاعیر دانراوەو، ئاوازەکەشی کە لەلایەن (شێخ حسێن بەرزنجی) یەوە دانراوە، کە بە(نۆتەی موزیکی)یەوە هاوپێچە بەم یاسایە، دەبێتە سرووی نیشتمانی بۆ هەرێمی کوردستان– عێراقو، پیشەکیە موزیکیو میلۆدیەکەی دەکرێتە سەلامی هەرێمایەتیو بەو شێوازە موزیکیەی کە بۆی دیاریکراوە جێبەجێ دەکرێت.

**ماددەی دووەم**

ئەم سرووده بەسرووودی فەرمیی هەرێمی کوردستان دادەنرێتو گشت بۆنە فەرمییو نیشتمانیو نەتەوەییەکان بەم سرووده دەستپێدەکەن. بەو مەرجەی ماوەی ژەنینەکەی لە (٥٠) پەنجا چرکە تێنەپەڕێت.

**ماددەی سێیەم**

سەرپێچیکاری حوکمەکانی (ماددەی دووەم)ی سەرەوە بە گومژەی (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دیناری عێراقی سزا دەدرێتو بێ بەش دەکرێت لەبۆنەو دانیشتنەکە. وسەرجەم هۆیەکانی راگەیاندن لەهەرێم (بینراو بیستراو) لەسەریانە لەکاتی دەستپێکردنو کۆتایی بەرنامەکانیاندا پابەندی پەخشکردنی سرووودەکە بن.

**ماددەی چوارەم**

رێزگرتنی سروودو سەلامەتی هەرێمایەتی کوردستان یاساییەو هەموو کەسێ لەشوێنە فەرمیو جەماوەرییەکاندا کە گوێبیستی دەبن لەسەریانە بەرێزگرتنەوە بۆی بوەستن.

**ماددەی پێنجەم**

ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە بەمەبەستی ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم یاسایەو دیاریکردنی کارپێکردنی بەفەرمیو سزادانی سەرپێچیکارانیەوە، پێڕەوی تایبەت دەربچوێنێت.

**ماددەی شەشەم**

ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لەرۆژنامەی (وەقائیعی کوردستان) دا کاری پێدەکرێت.

**ماددەی حەوتەم**

وەزیرە تایبەتمەندەکان ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن.

## هۆکارە پێویستیەکانی ئەم یاسایە

بەو پێیەی سروودی نیشتمانیە گشت گەلان و نەتەوەکان هێمای نیشتمانی و نەتەوایەتیانەو، لەبەر ئەوە کە هۆنراوەی (ئەی رەقیب) بۆتە بەشێك لەویژدانی کوردستانیی‌و سومبولی خەباتی رزگاریخوازی نیشتمانیی‌و، وشەو برگەکانیشی گوزارشت لەهیواو ئاواتەکانی گەلی کوردستان لەگشت پارچەکانی‌و لەدەرەوەی کوردستان دەکەن‌و، لەبەر ئەوەیش کە ئەم چامەیە یەکەمین سومبولو سروودی فەرمیی کۆماری کوردستان بووە لەمەهاباد، هەروەها گوزارشتە ئەدەبیەکەو وێنەو شیعرەکانی شامەکەو نێوەرۆکەشی خواستو ئارەزووە بنیادنەرەکانی سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی کوردستان دەخەنەڕوو، سروودەکە تا ئێستەیش هەر کاریگەرو بەزیندوویی ماوەتەوە. ئەم یاسایەمان دەرچواند.